بەش : بە شی ڕێنمایی پەروەردەی دەروونی

کۆلێژ : پەروەردە

زانکۆ : سەڵاحەددین-هە ولێر

بابەت : دروستی دەروونی ، پۆلی چوارەم ، کۆرسی یەکەم

پەرتووکی کۆرس : هە فتانە 3 کاتژمێر

ناوی مامۆستا : پ.د. مؤید إسماعیل جرجیس حمد

ساڵی خوێندن: 2023 - 2024

# پەرتووکی کۆرس
# Course Book

| | |
|---|---|
| 1. ناوی کۆرس | دروستی دەروونی / قۆناغی 4 |
| 2. ناوی مامۆستای بەر پرس | پ.د. مؤيد إسماعيل جرجيس حمد |
| 3. بەش/ کۆلێژ | بە شی ڕێنمایی پەروەردەی دەروونی |
| 4. پەیوەندی | ئیمێل: moaid.jarjis@su.edu.krd<br>ژمارەی تەلەفۆن (بەپەی ئارەزوو):<br>00964 (0)750 452 46 53 |
| 5. یەکەی خوێندن (بە سەعات) لە هەفتەیەک | تیۆری: 3<br>پراکتیک:<br>- چالاکی ئەنجامدانی ڕاپۆرت نوسین بە زمانی ئینگلیزی و وەرگێرانی لەسەر بابەتێکی دروستی دەروونی یان نەخۆشیەکانی دەروونی . |
| 6. ژمارەی کارکردن | ئامادەبوونم وەک مامۆستای وانەبێژ بۆ قوتابیان لە ماوەی هەفتەیەکدا ( 3) کاتژمێر بۆ تیۆری.<br><br>(6 ) کاتژمێر لەماوەی کۆرسێکدا بۆ چالاکی |
| 7. کۆدی کۆرس | |
| 8. پرۆفایەلی مامۆستا | لێرە مامۆستای وانەبێژ پرۆفایەلێک دەنووسێت لەسەر ژیانی ئەکادیمی خۆی (تەنها ئەکادیمی) یان ئاماژە بە Webpage, Blog, Moodle دەکات:-<br><br>لە ساڵی 1980 وە من دەرچووی پەیمانگەی ناوەندی مامۆستایانی -هەولێرم ، دوازدە ساڵ مامۆستای قوتابخانەکانی سەرەتایی بووم لە دێ و لە شاردا . لە ساڵی 1996 بڕوانامەی ( بەکالۆریوس) م لە پەروەردەو دەروونزانی لەکۆلێژی پەروەردە ی زانکۆی سەڵاحەددین –هە ولێر وەرگرت . لەساڵی 1997 بڕوانامەی (بەکالۆریۆس) م لە یاسا لەکۆلێژی مافی ئێواران لە زانکۆی سەڵاحەددین –هە ولێر وەرگرت . لە 15/ 12/ 1996 بووم بە معید لە بەشی پەروەردەو دەروونزانی . لە 3 /6 / 2002 بڕوانامەی ماستەرم لە پسپۆڕی ( تەندروستی دەروونی) لەکۆلێژی پەروەردە ی زانکۆی سەڵاحەددین –هە ولێر وەرگرت . وە لە 2002/6/9 نازناوی زانستیم وەرگرت و بووم بە مامۆستای یاریدەدەرو دەستم کرد بە وانە گۆتنەوە . لە 25 / 1 / 2006 وە نازناوی زانستی (مامۆستا) م وەرگرتووە . لە ساڵی 2007 بڕوانامەی دکتۆرام لە کۆلێژی پەروەردەی (ئیبن روشد) ی زانکۆی بەغدا لە پسپۆڕی گشتی (دەروونزانی پەروەردەیی) وە پسپۆری وورد ( کەسایەتی و تەندرووستی دەروونی) وەرگرت. لە 9 / 1 / 2011 وە نازناوی زانستی ( پرۆفیسۆری یاریدەدەر) م وەرگرت . وە لە 1 / 11 / 2020 وە نازناوی زانستی ( پرۆفیسۆر) م وەرگرتووە . وانەم لە (8) کۆلێژی جیا جیا گۆتیتەوە لە ناو زانکۆی سەڵاحەددین-هەولێرو زانکۆکانی تردا ، لەوانە وانەکانی ( بەکالۆریۆس ، دبلۆمی باڵا ، ماستەر ، دکتۆرا ) . چەندەها توێژینەوەم بڵاو کردۆتەوە بەزمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی . سەرپەرشتی چەندە ها توێژینەوەی (دەرچوون ،ماستەر،دکتۆرا)م کردووە، هە روەها وەک سەرۆک |

و ئەندام بەشداری گفتوگۆکانی توێژینەوەی دەرچوون ونامەی ماستەرو تێزی دکتورام کردووە لەزانکۆ جیاوازەکاندا. سێ ساڵ بەرپرسی یەکەی خوێندنی باڵای کۆلێژی پەروەردەی مرۆڤایەتی بووم . وە سێ ساڵ وسێ مانگ سەرۆک بەشی زانستە پەروەردەیی و دەروونیەکان بووم ، لەوماوەیەدا هەردوو بەشی (رێنمایی پەروەردەیی و دەروونی ) و (پەروەردەی تایبەت) م کردەوە بەهاوکاری مامۆستایانی بەش و دڵنیایی جۆری وکۆلێژی پەروەردەو زانکۆی سەلاحەدین و وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی . سوپاس بۆ خوای بەخشندە .

**9. وشە سەرەکیەکان**

**10. ناوەرۆکی گشتی کۆرس:**

**لێرە مامۆستای وانەبێژ باس لە کۆرسەکە دەکات بە شێوەیەکی گشتی کە پێویستە ئەم خاڵانەی خوارەوە بگرتەوە:**

- گرنگی خوێندنی کۆرسەکە (بابەتەکە)
- تێگەیشتنی چەمکی سەرەکی کۆرسەکە
- بنەما وبیردۆزی کۆرسەکە
- زانینی تەواو بە لایەنە گرنگیەکانی بابەتەکە
- زانین وتێگەیشتنی پێویست بۆ دابین کردنی هەلی کار

**گرنگی خوێندنی کۆرسی یەکەمی قۆناغی چوارەم بۆ ساڵی خوێندنی 2023-2024 لەوەدایە کە بابەتی نوێ دەخوێنن کە ئەویش (دروستی دەرونیە) .**
**تێگەیشتن لە چەمکی دروستی دەروونی ئاسۆی بیرکردنەوەی قوتابی فراوانتر دەکات بەرەو تێگەیشتنێکی قوڵتری دەبات لە دەربرینی هەست وسۆزو رەفتارکردنێکی دروست لە رووی دەرونیەوە .**
**بیرو بۆچوونی زاناکانی ئەم بوارە لەسەر دروستی دەرونی واقیع بینانەیەو لەسەر بنەمای پاراستنی جەستەو دەروون و هاوسەنگی دەرونی سەرچاوە دەگرێت .**
**تێگەیشتن لەبیرو بۆچوونی زانایانی ئەم بوارەو ناوەڕۆکی بابەتەکانی دروستی دەرونی ، خۆی لە خۆیدا دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی گۆڕانکاری لە خودی کەسایەتی و دروستی دەرونی قوتابیدا ، ئەوەش باشترین ئامادەکردنی تاکە بۆ دابین کردنی هەلی کار بۆیان ، چونکە تاکی دروست بەرهەمی دروستی دەبێت لە کۆمەڵدا .**

**11. ئامانجەکانی کۆرس**

**پێویستە لەسەر قوتابی لە کۆتایی کۆرس لەرێگای زانستی دروستی دەروونییەوە ئەمانەی خوارەوە فێربێت : چۆنیەتی پاراستنی هاوسەنگی دەروونی و دوورکەوتنەوە لە نەخۆشییەکانی دەروونی ، بەهۆی چۆنیەتی مامەڵە کردن و بەرەنگاربوونەوەی شکستهێنان و ململانێ بەشێوازە دروستەکانی هەڵسوکەوتی هەستی و نەستییدا و چارەسەرکردنی کێشەکان، هەروەها شارەزابوون لە چۆنیەتی خۆپاراستن لەونەخۆشیانە بە گرتنەبەری تاک ئەو رێگا دروستەی کە بەهۆیەوە دەتوانێت مامەڵە لەگەڵ ژیاندا بکات و ، خۆی لەگەڵ خۆی و ژینگەو کۆمەڵدا بگونجێنێت .**

**12. ئەرکەکانی قوتابی**

لێرە مامۆستا بەرپرسیارێتی قوتابی خوێندکار رووندەکاتەوە سەبارەت بە کۆرسەکە بۆ نموونە ئامادەبوونی قوتابیان لە وانەکاندا، لە تاقیکردنەوەکاندا، راپۆرت و ووتار نووسین... هتد.

**لەبەر ئەوەی لە بەرنامەی پەروەردەو فێرکردندا قوتابی لایەنێکی سەرەکی پرۆسەکەیە ، بۆیە پێویستە بەردەوام ئامادەی وانەکانی تەندروستی دەروونی بێت تا بتوانێت لە بابەتەکانی تێبگات و کویزو تاقیکردنەوەکان بە سەرکەوتوویی وەڵام بداتەوە .**

**13. رێگەی وانە ووتنەوە**

**لێرە مامۆستا رێگەی وانە ووتنەوە دەنووسێت، بۆ نموونە: داتاشۆ و پاوەرپۆینت، سەر تەختەرەش، تەختەی سپی،**

| |
|---|
| سمارتبۆرد یان مەلزەمە... هتد:<br>لە بابەتی دروستی دەروونی بەیەک شێوە بابەتەکان ناخرێنە ڕوو ، هەندێک بابەت پێویستی بە وانە ووتنەوە بە شێوەی موحازەرە هەیە ، بابەتی تر پێویستی بە شێوازی گفتووگۆو شیکردنەوە هەیە ، جاری وا هەیە پێویست دەکات کە پرسیارێک ئاراستەی قوتابیان بکەی ئەوانیش سەرقالی بیرکردنەوەو وەڵام دانەوە بن . ئەمە جگە لە بەکارهێنانی داتاشۆ بۆ هەندێ بابەت و ڕوونکردنەوەش لەسەر تەختەی سپی . وە لێدانی هەندێک فلمی تایبەت بە تەندروستی دەروونی . |
| **14. سیستەمی هەڵسەنگاندن**<br>لێرە مامۆستا جۆری هەڵسەنگاندن (تاقیکردنەوەکان یان ئەزموونەکان) دەنووسێت بۆ نموونە تاقیکردنەوەی مانگانە، کویزەکان، بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە (پریزەنتەیشن)، ڕاپۆرت نووسین، ووتار نووسین یان ئامادەنەبوونی خوێندکار لە پۆلدا...هتد. ئامانە چەند نمرەی لەسەردەبێت و مامۆستا چۆن نمرەکان دابەشدەکات؟<br>سیستەمی هەڵسەنگاندن لەبابەتی تەندروستی دەروونی بەهۆی تاقیکردنەوەکان و کویزەکان و ئامادە بوون و چالاکی یەکان ئەنجام دەدرێت . ( 30 نمرە لەسەر تاقیکردنەوەکانە ، 5 نمرە لەسەر چالاکییەکانە بە سی دی ، 5 نمرە لەسەر کویزە لە ماوەی کۆرسێکدا ) |
| **15. دەرئەنجامەکانی فێربوون**<br>پڕکردنەوەی ئەم خانەیە زۆر گرنگە، مامۆستا دەرئەنجامەکانی فێربوون دەنووسێت. بۆ نموونە: ڕوونی ئامانجە سەرەکیەکانی کۆرسەکە (بابەتەکە) بۆ خوێندکار<br>گونجاندنی ناوەڕۆکی کۆرسەکە بە پێویستی دەرەوە و بازاڕی کار<br>قوتابی چی نوێ فێردەبێت لە ڕێگەی پێدانی ئەم کۆرسەوە؟<br>ئەمە لە ١٠٠ وشە کەمتر نەبێت :-<br>لیرەدا ئەوە دەخەینە ڕوو کە قوتابی دوای کۆرسێك لە دەست کەوتی لە بابەتی دروستی دەروونی ،ئەگەر وەک پێویست گرنگی پێدابیت ... ئەوە هەوڵ دەدات کە دروستی خۆی بپارێزێت لە ڕووی جەستەیی ودەروونی و ژیبریدا. بەم شێوەیە دەتوانێت باشتر بیر لە شارەزایی وتواناکانی خۆی بکاتەوە و سوود مەندانە بەکاری بهێنێت بۆ بەرژەوەندی خۆی و بەرژەوەندی کۆمەڵ و وڵاتەکەی . چونکە قوتابی لەساڵی خوێندنیدا فێری بنەماکانی کەسایەتی تەندرووست دەبیت ، هەروەها هۆیەکان و نیشانەکانی نەخۆشی یە دەروونیەکان دەناسێت و دەتوانێت وەک ڕێنماییکار کار بکات لە قوتابخانەکاندا بۆ چارەسەر کردنی کێشە دەروونی و کۆمەڵایەتیەکانی قوتابیان و هاوبەش بێت لە گەشە پێدان و پەرەپێدانی کەسایەتی قوتابی و باشتر کردنی تەندروستی دە روونی قوتابی ، تا وای لێ بێت ژیرانە بیر بکاتەوە بۆ جوانتر دیتنی خۆی و باشتر تێگەیشتن لە خوی و دەورووبەرەکەی و لە ڕووداوەکان واتە لێرەدا دەستی کار ئامادە دەکرێن بۆ پێویستی کۆمەڵ. |
| **16. لیستی سەرچاوە**<br>• سەرچاوە بنەڕەتیەکان:<br>• **American Psychiatric Association( 2013)Diagnostic &statistical Manual of Mental Disorders, Fifth Edition DSM-5TM Washinton, DC.**<br>• حسن، ئەفرام محمد (2019). نەخۆشییە دەروونییەکان ، بە رکی یە کە م و دووە م<br>• الدباغ ، فخري(1977). أصول الطب النفساني، ط2، جامعة الموصل<br>• القوصي، عبدالعزيز(1981) أسس الصحة النفسية، ط9، مكتبة النهضة المصرية.<br>• مياسا، محمد (1997) الصحة النفسية والأمراض النفسية والعقلية وقاية وعلاجا ، ط1، دار الجيل، بيروت<br>• سەرچاوەی سوودبەخش :<br>• بە لیست دە دریتە قوتابیان<br>• گۆڤار و ریڤیوو (ئینتەرنێت) |

| 17. بابەتەکان | ناوی مامۆستای وانەبێژ |
|---|---|
| لێرە مامۆستای وانەبێژ ناونیشانی هەموو ئەو بابەتانە دەنووسێت کە بەنیازە بیڵێتەوە لە تێرمەکە. هەروەها کورتەیەک لە ئامانجی هەر یەک لە بابەتەکان وبەروار وکاتی وانەکە دەنووسێت. هەر تێرمێک لە ١٦ هەفتە کەمتر نەبێت:<br><br>• پێناسەی دروستی دەرونی و نەخۆشی دەرونی | پ. د.مؤيد اسماعيل جرجيس |

| | |
|---|---|
| | • گرنگی دروستی دەرونی بۆ تاك و بۆ کۆمەڵ<br>• بەڵگەکانی دروستی دەرونی<br>• هاوسەنگی دەرونی لە ( بارودۆخی ئاسایی - بارودۆخی نائاسایی)<br>• پرۆگرامەکانی دروستی دەرونی ، پرۆگرامی ( 1. گەشەپێدان 2. خۆپارێزی 3. چارەسەر )<br>• خەسڵەتەکانی تاك کە دروستە لە ڕووی دەرونیەوە<br>• تایبەتمەندی و بوارەکانی گونجان ، بوارەکانی گونجانی ( 1. خودی 2. کۆمەڵایەتی 3. پیشەیی 4. خوێندن 5. هاوسەرگیری 6. ئاینی )<br>• پێناسەو هۆکارەکانی تەنگژەی دەرونی ، هۆکارەکان (1. کۆسپە مادییەکان 2. کۆسپە کۆمەڵایەتیەکان 3. هۆکارەکانی ئابووری 4. کەموکوڕیەکانی کەسایەتی 5. ململانێ ی پاڵنەرەکان و بەهاکان )<br>• پێناسەی شکستهێنان (الإحباط ) و جۆرەکانی<br>• پێناسەو جۆرەکانی ململانێ (1. ململانێ ی چوونە پێش و چوونە پێش 2. ململانێ ی پاشەکشەو پاشەکشە 3. ململانێ ی چوونە پێش و پاشەکشە 4. ململانێ ی چوونە پێش و پاشەکشەی ئاوێتە )<br>• دوو چەشنەکەی تاك لە ڕووبەڕوو بوونەوەی فشارەکانی ژیان<br>• جۆرەکانی فشارەکانی ژیان (1. فشارە فیزیاییەکان 2. فشارە کۆمەڵایەتیەکان 3. فشارە دەروونیەکان )<br>• فشارەکانی کورت خایەن (1. فشاری کارو پیشە 2. فشاری خێزانی 3. فشاری کۆمەڵایەتی 4. فشاری لەدەستدان 5. فشاری جەستەیی 6. فشارە ناوخۆییەکان )<br>• ستراتیژیەکانی ڕەفتاری بۆ چارەسەری کێشەکان<br>• چەند بابەتێك بەزمانی ئینگلیزی هەفتانە لە کاتژمێری سێیەمدا پێشکەش دەکرێت .<br>• چالاکیە جۆراوجۆرە زانستیەکانی قوتابیان . |
| ناوی مامۆستا<br>پ.د.مۆید اسماعیل جرجیس | 18. بابەتی پراکتیک (ئەگەر هەبێت):<br>چالاکیە جۆراوجۆرە زانستیەکانی قوتابیان .<br>لێرە مامۆستای وانەبێژ ناونیشانی هەموو ئەو بابەتە پراکتیکانە دەنووسێت کە بەنیازە بیڵێتەوە لە تیرمەکە. هەروەها کورتەیەک لە ئامانجی هەر یەک لە بابەتەکان وبەروار وکاتی وانەکە دەنووسێت :-<br><br>1. چالاکی ئەنجامدانی ڕاپۆرت نوسین بە زمانی ئینگلیزی و وەرگێرانی لەسەر بابەتێکی دروستی دەروونی یان نەخۆشیەکانی دەروونی .<br>2. پیشاندانی چەند فلیمێکی تایبەت بە تەندروستی دەروونی . |

**19. تاقیکردنەوەکان**

**1. دارشتن:** لەم جۆرە تاقیکردنەوەیە پرسیارەکان زۆربەی بە وشەی وەک روون بکەوە چۆن...؟ هۆکارەکان چی بوون...؟ بۆچی...؟ چۆن...؟ دەستپێدەکات.
لەگەڵ وەڵامی نموونەییان
نموونە دەبێت دەستەبەربکرێت

**2. راست وچەوت:** لەم جۆرە تاقیکردنەوەیە رستەیەکی کورت دەربارەی بابەتێک دەستەبەردەکرێت وپاشان قوتابی بە ڕاست یان چەوت دادەنێت. نموونە دەبێت دەستەبەربکرێت.

**3.بژاردەی زۆر:** لەم جۆرە تاقیکردنەوەیە ژمارەیەک دەستەواژە دەستەبەردەکرێت لە ژێر رستەیەک وپاشان قوتابیان دەستەواژەی راست هەڵدەبژێرێت. نموونە دەبێت دەستەبەربکرێت.

**لە نموونەی تاقیکردنەوەدا بەم شێوە دەبێت :**

**پێناسەکردنی زانستی چەمکەکانی دروستی دەرونی و نموونە هێنانەوە لەسەریان .**

**بەراوورد کردنی بۆچوونەکانی زانایان لەسەر لایەنەکانی دروستی دەرونی .**

**شیکردنەوەی بۆچوونی زاناکان لەسەر دروستی دەرونی .**

**هەڵسەنگاندنی زانستیانەی کۆمەڵی کوردی ( واقیع و هۆکارو چارەسەر ) بە پێی بنەماکانی دروستی دەرونی .**

**نوسین و وەرگێرانی دەقی زانستی دروستی دەرونی و نەخۆشیەکانی دەرونی بەزمانی ئینگلیزی .**

**هەروەها جۆری تریش لە هێنانەوەی پرسیاردا .**

**20. تێبینی تر**
**لێرە مامۆستای وانەبێژ دەتوانێت تێبین وکۆمەنتی خۆی بنوسێت بۆ دەوڵەمەندکردنی پەرتووکەکەی:-**

**هەمیشە داوا لە قوتابیەکانم دەکەم کە جگە لە بابەتە زانستیە داواکراوەکە و خستنەڕووی بیروبۆچوونی خۆیان ، سوود لە سەرچاوەی تر وەرگرن بۆ ڕوونکردنەوەی لایەنی تری بابەتی ڕۆژانە و دەوڵەمەند کردنی بۆچوونەکانیان.**

**21. پێداچوونەوەی هاوەڵ**
ئەم کۆرسبووکە دەبێت لەلایەن هاوەڵێکی ئەکادیمیەوە سەیر بکرێت و ناوەڕۆکی بابەتەکانی کۆرسەکە پەسەند بکات و چەند ووشەیەک بنووسێت لەسەر شیاوی ناوەڕۆکی کۆرسەکە و واژووی لەسەر بکات.
هاوەڵ ئەو کەسەیە کە زانیاری هەبێت لەسەر کۆرسەکە و دەبێت پلەی زانستی لە مامۆستا کەمتر نەبێت.